# ياخيبوون له شيعرەكانی شێرکۆ بێكەسدا
# ديوانی( ئێستا كچێك نيشتما نمه ) به نموونه

د. لوقمان رەئوف عەلی
زانكۆی سليمانی

تاريخ استلام البحث : ٢٥ / ١٠ / ٢٠١٥ تاريخ نشر البحث :٢٥ / ١ / ٢٠١٦

## پێشــــەكــی

شێرکۆ بێكەس يەكێكە لەشاعيرە ديارەكانی لوتكەی شيعری هاوچەرخی كوردی و دەبێتە رێنوێن و رێچكەگۆڕی شيعری كوردی له شێوازی گۆرانەوە بۆ شێوازی شێركۆيی، چونكە شێرکۆ له دوای سالأنی هەشتاكان و سەرەتای نەوەدەكانەوە، ئيدی ئاراستەيەكی دی له شيعری كورديدا دياريدەكات و لێرەوە كار بەرەو چەسپاندنی ئەم رێچكە نوێيەش دەكات، يەكێك لەو هەنگاوە گرنگانەی كه شێرکۆ لەدياريكردنی ئەم رێچكەو ئاراستەشيعرييەدا دياريكردوە، ياخيبوونه، ئەو ياخيبوونەی كه پێشتر هيچ شاعيرێكی كوردی بەشێوازو ئەندازەی شێرکۆ به ئاراستەی شەپۆلەكه ياخينەبووە، لەهەمانكاتيشدا ياخيبوونەكەی ياخيبوونێكی پۆزەتيڤە به ئاراسته نەتەوەيی و نيشتمانييەكە. شاعير ياخيبوونەكەی پاش دڵنيابوون و گەيشتنه يەقينی لەگەندەڵی و خراپی و كەمترخەمی سياسی و كارگێڕی لەم هەرێمەدا، ئەم ياخيبوونەی راگەياندوە، له كاتێكدا هەر له سەرەتای شۆڕشەوە، خۆشی يەكێك بووە له كارەكتەرە شۆڕشگێڕەكان ، ئەمەش لەبڕواو متمانەی شاعيرە بەرامبەر بەو واقيعە گەندەڵەی كه بەدرێژايی (٢٠) ساڵی رابردوو هەبووە، هەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، كه شاعير واقيعيانه لەدۆخەكەی روانيوەو هەرئەمەش گەياندويەتييه ئەم ياخيبوونه، ئەمەش لەوەوەيه كه كوردستان لەماوەی ئەم (٢٠) ساڵەی حكومڕانيدا، دووچاری چەندين ململانێی سياسی و شەڕی ناوخۆيی و گەندەڵی سياسی و دارايی بوويەوە، بەهۆی ئەمەشەوە باجێكی كۆمەلأيەتی و ئابووری و رۆشنبيری ومێژوويی ....تاد داوە، بەهۆشيەوە دارمانێكی سياسی و نەوەيەكی ونبوو يان لەسەر رێگەی ونبووندا لەم كايەدا بەرهەمهێناوە، لەم پێناوەشدا رێگەی هات و نەهاتی گرتەبەر، بۆيه هۆكارە سەرەكييەكانی ياخيبوونی شاعير بريتين له( واقيعی سياسی و ململانێ سياسيەكان، بەحزبايەتيكردن، گەندەڵی به هەموو شێوازەكانييەوە، قۆرخكردنی دەسەلأتەكان ).ئەم لێكۆڵينەوەيه پێكهاتوه له دوو بەش: بەشی يەكەم بريتييه له چەمك و پێناسەی ياخيبوون، لەگەڵ هۆكارەكانی ياخيبوونی شاعير . لەبەشی دووەمدا جۆرەكانی ياخيبوون لەوانه( مێژوويی، كۆمەلأيەتی، دەروونی،.........) له شيعرەكانی شاعيردا بەوردی و نمونەی شيعری پێويستەوە خراونەتەروو.

## بەشی یەکەم: چەمك و پێناسەی یاخیبوون

کامۆ یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە بەوردی کاری لەسەر ئەم چەمکە کردوە،بەلایەوە یاخیبوون ( بەڵێ) و ( نەخێر) ە، چونکە بەلایەوە زۆربەی یاخیبووەکان نێگەتیڤن، بۆنموونە بەندەیەك لە فەرمانی خاوەنەکەی یاخی دەبێت، لەمەشدا رەگەزێکی پۆزەتیڤ هەیە، چونکە لە دەروونی خۆیدا ئەوە دەخاتەروو، چی دەبێت ئەگەر کارەکەی بە گوێ نەکەم کە رقم لێیەتی١

کامۆ لە ئەفسانەی سیزیفدا ئەوە دەخاتەروو، کە جیهان شیاوی تێگەیشتن نییە، لەگەڵ ئەمەشدا سوورە لەسەر رووبەڕووبوونەوەی ئەم جیهانە داخراوە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە یاخیبوون لای فەیلەسوف و نوسەرو شاعیران، هەڵوێستێکی بوونگەراییە لەپێناو تێگەیشتندا، واتە نوسەر دەیەوێت بوونیەتی خۆی وەك کەسێکی نوسەر بخاتەروو، دیکارت بوونیەتی خۆی لە وتە بەناوبانگەکەی ( من بیردەکەوە، کەواتە هەم) بوونیەتی خۆی سەلماند، لای کامۆ ئەم بوونیەتە بوو بە ( من یاخی بووم ، کەواتە هەم)٢ ئەمەش روانینی هونەری فەلسەفەی یاخیبوونە، رەتکردنەوەی ئەوەی کە هەیەو رووبەڕووبوونەوەی ئەو سرووشت و واقیعەی کە هەیە.

بە بڕوای کامۆ" شۆڕش دەرئەنجامی لۆژیکی یاخیبوونە، بەلاّم یاخیبوون هەڵوێستی زهنی و عەقڵییە، لەگەڵ ئەوەی شۆڕش جێبەجێکردنی ئاشتیانەی چەمکی یاخیبوونە"٣

یاخیبوون بریتییە لە یاخبوون لە دەوروبەرو سروشت و هاوڕێ و...تاد، تەنانەت خودی خۆشی، بەوەی کەسەکە خۆی لە ژینگە داماڵێت، بۆئەوەی ببێتە کەسێکی تاك و کیانێکی سەربەخۆ، سەیری خۆی و ئەوانی دی و جیهان دەکات، کە کیانێکی نامۆو سەرسامن.٤ ، یاخود بریتییە لە هەڵوێستەکردن بەرامبەر دیاردەو هەڵوێستەکان بە ئاراستەی پێچەوانەیی، بەلاّم بەڕوانینێکی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ.

یاخیبوون دەرئەنجامێکی تەواوی هەستکردنی نەستە بە یاخیبوون، محمد راضی جعفر دەڵێت" یاخیبوون حاڵەتێکی مرۆیی و دەروونی کۆمەلاّیەتییەو دەست بەسەر تاکدا دەگرێت و دەیکاتە نامۆو دورخراوە لە واقیعی کۆمەلاّیەتی"٥

د. قیس نوری دەڵێت"بریتییە لەو کێشانەی، کە رووبەرووی مرۆڤایەتی دەبنەوە، جگەلەمەش هەستی تاکەکانە لە کۆمەڵگە جیاوازەکان بە دابڕاوی و شکست، لە نەهێنانەدی هەندێك لە ئامانجە سەرەکییەکان لە ژیاندا"٦ والتر کاوفمان دەڵێت"یاخیبوونە لەدژی هەموو ئەو شتانەی، کە لە ئاراداین"٧

سەبارەت بە بەکارهێنانی وشەی یاخیبوون، یان سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە لەدەقدا، یەکەمجار وشەی یاخیبوون بۆ جیابووەکان لە کەنیسەی بەریتانی(dissenters) بەکارهاتوە"٨

بەڵام لەراستیدا نامۆبوون هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ بوونی مرۆڤ و درووستبوونی کۆمەڵ و کۆمەڵگەو سەرهەڵدانی داب و نەریتەکان، یاخیبوون بەشێك بووە لە ژیان.

لە رۆژی ٧-٢٢/٣/٢٠١٥لە شاری( بواتیە)ی فەرەنسا دوو هەفتە بەهاری شیعری یاخیبوون بۆ شاعیرە فەرەنسی و جیهانییەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ سازکرا، ئەم هەنگاوەش یەکەمین هەنگاوە کە لەبارەی یاخیبوون لە شیعردا ئەنجامبدرێت.

## هۆی یاخیبوونی شاعیر

یاخیبوون لە شیعردا بریتییە لە دیاردەیەك لە داهێنانی شیعریی سەردەم و هێنانە دی چەندین دژیەتی و پێچەوانەیی لە روانین و وێنای شیعرییدا، جگەلەمەش یاخیبون لە ناوەڕۆکیش تەنها ئەو باسە ناگرێتەوە، کە شاعیر وەك باسی شیعر لەناو کۆی بابەتەکاندا هەڵیبژاردوە ، بەڵکو ئەو باسە هەڵبژێراو و چارەسەرکراوەیە، کە شاعیر بە روانین و دیدگای خۆی باسیدەکات، واتە جیاوازی لەم بابەتەدا لە رێگەی هەڵبژاردنی بابەتەکە لای شێرکۆ لەگەڵ رێگە چارەی مەسەلەکە، بۆیەیاخیبوونی شێرکۆ دەرئەنجامی واقیعی حاڵ بەرهەمهاتوە، لەلایەکی تریشەوە نەیویستوە لەسەر یەك لەنگەری شیعریی کاربکات، بۆیەئەو یاخیبوونەی شاعیر لە سێ چەقدا دەگیرسێتەوە( یاخیبوون لە پرسیار، یاخیبوون لە هەڵوێست، یاخبوونی رەتکردنەوە)، بەمانایەکی تر یاخیبوون لای شاعیر یاخیبوونە لە دەسەڵات و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، ئاین، سیاسەت.....تاد، ئەم یاحیبوونەی شاعیر پۆزەتیڤە، چونکە بەدوای دەرئەنجامی پۆزەتیڤدا دەگەرێت، کە دەبوو ئێستا هەبوونایە، بەڵام نین، کاریان بۆ کراوە، کەچی ونن، بۆ؟یان دەرچوون لە بۆچوونی باو، یان ئەو یاساو بیروڕایانەی کە دەسەڵات دەریاندەکات، یان دەرچوونە لە یاساکانی کۆمەڵگەو سیستمی گشتی و داننەنان بە دەسەڵاتدا.

د. زهیر غازی ئەوە دەخاتەروو کە یاخیبوون لای شاعیر رەهەندی جیاوازی هەیە، لەوانە رەتکردنەوەی ئەو واقیعەی کە شاعیر تێیدا دەژی، بەهۆی ئەوململانێ سیاسی و گەندەڵییە ئیداری و نادادییەی کە هەیە" ٩، هەندێ جار هانا بۆ مەیخواردنەوە دەبرێت، لەپێناو لەبیرچوونەوەی، بەڵام شێرکۆ ئەم دیوانەی کردە ناسنامەی هەڵوێستی خۆی و تاکە هانا و چەکی شاعیر، لەگەڵ دابوونەریتە کۆمەڵایەتییەکان، کە دەوری شاعیریان داوەو رەتیاندەکاتەوە، لەگەڵ وەستانەوە لەبەرامبەر سیستمدا، ئەمەش دەرئەنجامی بەهێزی یاخیبوونی دەروونی شاعیرە، لەبارەی هۆکاری یاخیبوونەوە د. احمد عزت دەڵێت" هۆکارەکانی یاخیبوونی دەروونی لای مرۆڤ، دوو هۆکاری دەروونین کە پەیوەندییێکی توندوتۆڵیان بە پاڵنەری ئارامییەوە هەیە، کە بریتین لە: رێزگرتن و پێگەی کۆمەڵایەتی، ئینتما"١٠

**ئەگەرچی لەم تێکستەی دا کۆی کەرەستەی یاخیبوونەکانی شێرکۆ وشەن، واتە لەرێگەی یاخیبوونی وشەو یاخیبوونی ویژدان و کەرامەتە بەرامبەر بە مێژو و سیاسەت و ....تاد، شوناسی یاخیبوون بکاتە دۆزو لەم رێگەیشەوە دەیەوێت مەترسیەکەو کاریگەریەکانی بدات بە گوێی دەسەلآتدا، چونکە کارئەکتەرەکانی دەسەلآت بەگشتی گوێ لەشیعری شێرکۆ دەگرن، بەمانایەکی تر شێرکۆ بێکەس خۆی دەکاتە قەسیدەیەك بۆئەوەی لەرێگەی قەسیدەیەکەوە، خۆی بکاتە ناسنامەی نەتەوەو نیشتمانێك، چونکە پێشتر شێرکۆمان وەك شاعیرێکی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی و نیشتمانییمان دەناسی، وەك دەڵێت:**

**ئەو...قەسیدەی بای وەشتێکی برینداری**
**سەر شەقام و ناو ماڵەکانی خۆتانە.**
**با یەکی ئێجگار دڵشکاو**
**بارانێکی نائومێدو**
**کتێبێکی بێزار لە زمانی خۆی**
**ئەمە حیکایەتی غەدرو**
**شانۆنامەی ئاخاوتنی جووڵەی جەستەو**
**دەست و پەنجەی یەك بەیەکی هەمووتانە.**
**واهات . عاشقان! وا خۆی هات**
**ئەم عاشقە لەگەڵ خۆیدا**
**نیشتمانی گوڵ و سووتووی هەڵگرتوەو**
**لەگەڵ خۆیدا دیرۆکێکی قوربانیتان**
**بۆ دێنتێتە ئەم هۆڵەوە**
**وا هات، عاشقان وا خۆی هات:**
**من (کامەران)م**
**یەکەم درۆی نوساو و بەرجەستە**
**بەخۆمەوە**
**ناەکەمە...١١**

شاعير لێرەدا بووەتە وتەبێژی گەل و ئەوەی گەل لەسەر شەقام و کاڤ و ماڵ و.....تاد دەردەدڵی خۆیان لەسەر دەکەن، شێرکۆ بە ئاشکرا هاواری لەسەر بەرزکردەوەو ئەو مێژوەی کە(٢٠) ساڵە لەم هەرێمەدا دەگوزەرێت رایگەیاندوە، لەگەڵ ئەوەی دەرخستنی بێهیوایی و نائومێدییە، بەلاَم لەراستیدا سەرەتای هیواو ئومێدی نوێی بۆ خەڵکی سەرهەڵئەدات، چونکە ناسنامەی کاری(٢٠ ساڵە بە هەموان دەناسێنێت و لەکۆی ئەم ناسنامەیە، ئایندەی گەل و سیاسییەکان دەخاتەروو، هەرئەمەش هیواو ئومێدە.

شێرکۆ تا کاتی نوسینی ئەم دیوانە وەك شاعیری نیشتمانپەروەر ناسراوە، لەم روانگەوە بەختیار عەلی دەڵێت" شێرکۆ بێکەس لە یادەوەری ئێمەدا وەك شاعیرێکی نیشتمانی ناسراوە، بەو مانایەی نیشتمان بابەتی سەرەکی و وشەی سەرەکی ئەزموونی ژیان و شیعری شێرکۆیە، نیشتمان بە وێنە جیاوازو تراژیدییە جیاوازەکانییەوە، بابەتی سەرەکی شیعری ئەم شاعیرە بوون"١٢

بەلاَم شاعیر لەدەقی شیعریی (ئێستا کچێك نیشتمانمە)دا راستەوخۆ لە رابردو یاخی دەبێت، چۆن لە حەفتاکاندا مانیفێستی نوێگەری و یاخیبوون لە رابردوی راگەیاند، بەم دەقەش لە یاخیبووندا هەمان کاریکردوە، بەختیار عەلی دەڵێت" ئەگەر لە نەوەدەکاندا دەربەندی پەپولە مانیفێستی گەڕانەوە شێرکۆ بووبێت بۆ نیشتمان، ئەم چامە نوێیەی کاك شێرکۆ، مانیفێستی تورەبوون و وەرگەڕانی شێرکۆیە لە نیشتمان"١٣ لە راستیدا شاعیر وەك شاعیرو بە ئەزمون وبەتەمەن، دواجاریش لەبەرگی گەنجێکی خوێنگەرمی (١٩) ساڵی شەقامی سەهۆڵەکە، سەیری ئەم هەرێمەدەکات، کەواتە کێشەی هێنانی تەمەنەکان پەیوەستدەکاتەوە بە خەم و ئازارەکانی گەل، لەگەڵ مێژووی (٢٠)ساڵەی حکومەتی هەرێمەوە، واتە ئەوە هەڵەکانی بیست ساڵەی حومەتی هەرێمە ئەم یاخیبوونەی شێرکۆی بەرهەمهێناوە، نەك یاخیەتی خودی شێرکۆ.

بەهێزی یان زۆرتورەیی و یاخیبوونی شێرکۆ لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە" ئەو نیشتمانەی شێرکۆ لێ یاخیبووەو پەیوەندی لەگەڵدا پچڕاند، ئەو نیشتمانە درۆزنەیە کە راگەیاندن و درۆکردن و وێناکردنی سیاسی نادروست خولقاندویەتی..ئەو نیشتمانە پیرەی توانای تێگەیشتن و گوێگرتن و بینینی نەوە تازەکانی نییەو نەماوە" ١٤ کەواتە ئەوە کارئەکتەرە سەرەکییەکانی نیشتمانن، ناتوانن لەگەڵ نەوەی نوێدا بژین، لەراستیدا شێرکۆ لەم دەقەدا تەنها ئازاری مرۆڤ ناگێڕێتەوە، بەڵکو ئازای شتە بێگیان و گیاندارەکانیش دەگێڕێتەوە، ئەمەش ئاماژەی گەندەڵبوون و خراپوونی مرۆڤەکانە لەم هەرێمەدا، بەمەش ئەم شتانە لەدەرئەنجامەکانی پاریزراو نین.

ئەو نیشتمانەی شێرکۆ باسی دەکات، نیشتمانێکە زۆر جیاوازترە لەوەی کە چاوەڕێی بوو، شۆڕشی بۆکردو شیعری بۆ وتوە، یەکێك لەخاسیەتەکانی ئەم کارەی شێرکۆ ئەوەیە، کە شێرکۆ یاخی دەبێت لە مێژوو و نیشتمان و لە سیاسەت و سیاسییەکانی هاوسەردەمی، لەپێناو گەنجەکاندا، لەپێناو نەوەی ئایندە، کە وەك ئەم نەوەیە نەبن، هەر ئەمەش وایکردوە تا شاعیر وەك شاعیرو گەنج ئینتمای بۆ عیشق هەبێت وەك نیشتمان.

شێرکۆ بێکەس دەڵێت" ئێستا کچێك نیشتمانە کتێبی بێزاربوونی گەنجێکی ئەم ڕۆژگارەیە. وەڕەسبوون لە هەموو شتێکی نیشتمان، لە هەموو گەمە ناشیرینەکان، کتێبی چاوەڕوانییە نائومێدەکان، کتێبی خەونە کوژراوەکان، ئەوەی ئەم بەرهەمەم لەوانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە چیتر نیشتمان و مەسەلە پیرۆزەکان بە موقەدەس نامێننەوە، یاخیبوونە لە ئێستاو ڕابردوی خۆم، دەسبەرداری لەو نیشتمانەی کە پێشتر هەموو وزەو ڕۆحێکی خۆم پێبەخشیبوو، بەکورتی جۆرێکە لە هەڵوەشانەوەی هەموو پێکهاتەکانی خۆم"١٥

هەروەها دەڵێت" لەم دەقەدا دزێویەکانی نیشتمان، وەك چەندەها دومەڵ بە ڕووخساری ئەم نیشتمانەوە دەرئەکەون، هیچ جۆرە پاساوێك نامێنێتەوە، بۆئەوەی شەفاعەت بۆ تاوانەکان بکات، نیشتمان وەك ڕەمزێکی موقەدەس کۆتایی پێدێت" ١٦

یاخود دەڵێت" لەم دەقەدا ویستومە لە شێرکۆی جاران جیاببمەوە، ویستومە بچمە ناو ناخ و دڵ و دەروونی گەنجێکی وڵاتەکەوە، کە هەموو ڕۆژێك نائومێدی دەکەن، هەموو ڕۆژێك ئایندەی لەبەرچاو ڕەشدەکەن، بەکورتی بەڵای خۆمەوە، ئەمە دەقی بێزاری و یاخیبوونە لە ڕۆژگاریکدا کە خەونی تیا ئەکوژرێ و وەڕەسبوونی تیا ئەچێنرێ" ١٧، وەك دەڵێت:

وشەی (هەق) بێ سەرو شوێنەو

دەمێکە کەس نەیبینیوە

وشەی ئارام ئەڵێ تاقەتم لێبڕاوە

ڕەنگە لەم وڵاتەدا ئیتر ناوی خۆم

بگۆڕم بە( ناکام)١٨

کەواتە لەئەنجامیئەو هەموو نادادی و گەندەڵی و خۆسەپاندن و بێبەڵێنی و ......تاد کە هەبووە، خەڵکی و لەناویشیاندا شێرکۆ بێزارن و تاقەتیان لێبڕاوە، بۆیە یان دەبێت یاخی بێت و دژی بوەستێتەوە، یان بێهیوابێت و ڕەشنبێنی رابگەیەنێت، هەر بۆیە ناوی خۆی گۆڕیروە بە(ناکام)،یاخود دەڵێت:

ئەمەویٚ رووبەروو پێی بڵێم:
کە تۆ نەورەسە سەوزەکەی
چاوانی خۆت بیرنەمابیٚ
واباشترە
هەر بەپێی خۆت
بچیتە ناو ئەو دەریاچەی
شەرمانەوە
کە دەم و چاوت رشتونی
تا ئەخنکێی...١٩

بەراشکاوی شاعیر رابردو وەك ئەو بەڵێنانەی کە دابوویان دەهێنێتەوەو پەیوەست نەبوون بەو بەڵێنانەشەوە، خۆخنکاندن باشترین وەلاٚمی ئەم گەندەڵیانەیە،یان دەڵێت:

من نیشتمانەکەم گێلە
لە خوێن ساردی و بیرچوونەوەو
بێباکیدا
لە هیچ نیشتمانێکی تر ناچیٚ
بۆیە منیش برپارمدا
وەکو کراسێکی کۆن
ئەوم لەبیر بچێتەوە..٢٠

کەواتە لەبیری چوونەوەی نەك نیشتمان، تەنانەت خودی شاعیر خۆی و خەباتی رابردوی، دەرئەنجامی ئەو نادادیانەیە کە هەبوون، هەرئەمەش وایکردوە، ئەوانەی کۆچدەکەن، ئامادەن نیشتمان کە زێدی باوباپیرانیانە لەبیری بکەن، وەك دەڵێت:

ئێمە هەموو وشەکانمان وتیان:
ئێمە خەیاڵی خشۆك بووین
وەختیٚ رۆژانامان ناسی
ئەوسا دامان لەشەقەی باڵ...٢١

لەئەنجامی بێهیوایی و یاخیبوونی شاعیر لە نیشتمان، بێگومان پێویستی بە ئەلتەرناتیڤی نیشتمان هەیە ،چونکە پێشتر نیشتمان هێزی رۆحی شێرکۆ بوو، بەڵام ئێستا رۆژانا بووەتە نیشتمانی ، چونکە شێرکۆ ناتوانێت بەبێ هێزی رۆح بژی، واتە هۆکاری تۆران و یاخیبوونی شاعیر ئەوەیە کە دەڵێ:

ئەو نیشتمانەیان گوزەشت
گوزەشت وەکو تێپەڕینی
خەونی شینی ئەستێرەیەك لەئاسۆیەکی سپیدا
گوزەشت ..گوزەشت
دوای (ئەو) ئیتر نیشتمانێ
لەدایکبوو
هەموو رۆژێ ئەمانبینی
تۆڵە لە دۆزەخی ئەودا
گەورەو گەورەو گەورە ئەبوو!
چیا چیای ئەخسان و
وەلی ئەو نەخەسێنرا
ئەسپی دیرۆکی تۆڵە بوو
ئەم شار ئەو شاری راوئەناو
بەڵام ئەوەی قەت راونەنرا
کۆشك و تەلارو غەزنەبوو.... ٢٢
یان، من لە ولاتی بێ ولاتدا لەدایك بووم
لە دووکەڵدا چاوم پشکوت
لەدەست رێژدا گوێچکەکانم کرانەوە.....٢٣

بەداخەوە شاعیر لەم دیوانەیدا یاخیبوونەکەی تەنها دەروونی و ئایدۆلۆژی و روانینی نییە، بەڵکو لەمانەش خراپتر یاخیبوونی رۆحی شاعیرە لەم سیستم و دەسەڵات و سیاسەت و سیاسەتمەدارو ....تاد کە نیشتمانیان بنیادناوە.

## بەشی دووەم: جۆرەکانی یاخبوون لەشیعرەکانی شاعیردا

**١-یاخبوونی مێژوویی:**

**ئەو جۆرە یاخیبوونەیە کە شاعیر بەتەواوی لە مێژوویەك یاخی دەبێت، کە دژایەتی و هیواو خواستی لەسەر نەماوە، هەندێك جاریش بە باسکردنی شەرمەزاردەبێت، واتە مێژوویەك کە لەگەڵ ئەوەی کاری بۆکردوە، لە ئێستادا بە گومانەوە لێیدەڕوانێت و لەو ئامانج و دروشمانەی کە لە رابردوودا خەباتی بۆ کردوە، بێهیوا دەبێت، واتە ئەو ئایدۆلۆژیاو بڕواو دادپەروەرییەی کاری بۆ کردوە، بوونە خەونێکی قوڵی بەدینەهاتوو.**

**یاخود ئەو جۆرە یاخیبوونەیە کەشاعیر لەگەڵ ئەوەی خۆی یەکێك بووە لە کارئەکتەرەکانی دروستکردنی ئەم مێژووە پرشنگدارە، بەڵام پێچەوانەبوونەوەی دروشمەکانی خەبات و گرتنەبەری ئاراستەیەکی تری کارکردن، وا لە شاعیر دەکات، لەژیان و مێژو و کارو خەباتیش یاخی ببێت، واتە لەگەڵ ئەوەی حکومەتی هەرێم لەساڵی ١٩٩٢، تاوەکو ٢٠١١ کە ئەم دەقەی تێدا نوسراوە دەکاتە(١٩)ساڵ، ئەم (١٩) ساڵەش پڕە لە بیرەوەری تاڵ و قێزەون، هەر ئەم بیرەوەریانەش وا لەشاعیر دەکات، یاخیببێت، وەك دەڵێت:**

لەسەر جادەی سەهۆڵەکە راوەستاوم
من تەمەنم نۆزدە مۆمەو
لەو نۆزدەیە فووی نیشتمان
سیٚ چوارێکی هێشتەوە
بۆ شەوقی بزەو پێکەنین
نۆزدە هەناسەی بەردێکی سەرە رێگا.
نۆزدە بڵقی قیری جادەیەکی هاوین
نۆزدە قاوغە فیشەکی شەڕی ناوخۆ
نۆزدە تیکەی لەقوڕگ گیراو
نۆزدە سکاڵای ونکراو
نۆزدە ڤالیۆم بۆ نۆزدە شەو...٢٤

کەواتە کۆی ئەم نۆزدە ساڵە، جگە لەوەی ئەو کارئەکتەرانەی کە بوونەتە ناسنامەی نیشتمان، نەیانتوانیوە هیواو ئومێدەکان بزەو خۆشی پێشکەش بکەن،و یادەوەرییەکان بسڕنەوە، هەژارەکان بە چنگەکرێ نانیان دەستدەکەوێت، وایکردوە شاعیر نەتوانێت بێدەنگبێت و لە رابردوی یاخی بێت.یاخود دەڵێت:

ئەم مێژوەی من خەم ساردە
گالیسکەیەکە تا گوێچکەی ئەسپەکانی
لە رابردودا چەقیونو...باکی نییە!
ئەم مێژوەی من ...کلیلی
دەرگای ساڵ و دەرگای هەتاوی داهاتوی
لێکەوتوەو بۆی ناگەڕێ و باکی نییە
ئەو تەنها نینۆکەکانی خۆی داوە بەم نەوەیەو
دەوازەی ئەم نیشتمانەی
لەسەر حەیرانی رووبارو
لەسەر هاواری شەقام و
لەسەر پوکە پوکی نان و
لەسەر هەناسەی عاشقان داخستوە..
ئەی مێژووی فودراو
بەهەوای غووری شاخ و داخ
شانازیی هەڵئاوساو لە جەستەی
ئەفسانەو داستانی درۆدا..چیت هەیە..٢٥

دواجار ئەو راستییەمان پێدەڵێت، ئەگەر بە دروشم و نوسینی وتارو پیاهەڵدانی هەندێ لایەن بێت، ئەم مێژوە پڕە لەسەروەری و دەسکەوت، بۆیە شێرکۆ بە مێژوی فودراو ناوی دەبات، و دەیەوێت بڵێت ئەگەر بەپێی ئەم پیاهەڵدانەبێت، مێژوومان پڕە لە دەسکەوت، ئەی بۆ ئانجامەکەی ئەم هەلومەرجەی رەخساندوە، بەمانایەکی تر لەراستیدا مێژووی(١٩) ساڵە پڕە لە نەهامەتی و دەردەسەری، لەمەش خراپتر نەیانتوانیوە لەپێناو ئایندەدا سود لەو مێژوە وەرگرن،ئەمەش وەقیعی حاڵ دەیسەلمێنتێت، نەك مێژوە فودراوەکە.

**٢-یاخیبوونی کۆمەڵایەتی:**

**ئەم جۆرە یاخیبوونەیە کە شاعیر بەئاشکرا دژی ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتیانە دەبێتەوە، کە بۆ ژیان و کۆمەڵکە دیاریدەکرێن، ئەم یاخیبوونەش ئەنجامی بێزاربوونی شاعیرە لەو پێوەرە کۆمەڵایەتیانە، بەدرێژایی مێژوو، بۆنموونە لەناونانەوە دەستپێدەکات کە بەهەڵە بۆ نەوەکانیان هەڵدەبژێرن، بەوەی ناونان لەلای کورد لە خۆوەو لەسەر بنەمای مەزاجییە، وەك دەڵێت"**

**من"کامەران"م**

**یەکەم درۆی نووساو و بەرجەستە**

**بەخۆمەوە**

**ناوەکەمە...**

**یان دەڵێت: دیسانەوە**

**وەکو دوێنێ و وەکو پێری و**

**پاروپێرار**

**رۆژێکی تری سواوەمە**

**دیسانەوە**

**هەر خۆم سوغرەکێشی خۆممو**

**پێواز.. پێواز**

**پاڵنان بە بێزاریمەوە**

**بەردەوامە... ٢٧**

**یان دەڵێت: من ناوم کراسی ژنانەیە**

**ئەوەی نیشتمان پێی شەرمە**

**بیکاتە بەری خۆی منم!......٢٨**

**شاعیر لێرەدا دیسانەوە جیاوازی و یاخیبوون لە نەوەی کۆن و بیرکردنەوەی کۆن رادەگەیەنێت، بەوەی دیسانەوە ناتوانێت وەك پیرەکان، یان باو وباپیری لە ژیان و واقیعی رۆژگار بڕوانێت، شاعیر دەیەوێت بڵێت ئەم هەرێمە ئەوەندەی پێوەرە داب و نەریتیی و خێڵەکی و کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان لەسەر بڕیارو ژیانی سیاسی و رۆشنبیری هەیە، ئەوەندە یاساو مۆدێرنەبوون رۆڵی نییە. یان دەڵێت:**

سەیری لێدێ كە لە توخمی ئەویش بم و لەویش نەچم!
سەیری لێدێ هەورێكی تازەی پاراوم لە دەنگدایەو
هەڵكردن و كڤەو قسەم ناچنەوە سەر
لێرەوارو دۆڵەكانی باپیرم..... ٢٩

یان:

من ناوم گوڵی دار هەرمێیە
بەڵام وەك ئەبینن رەشیان كردوم
ئەم نیشتمانە رقی لە رەنگی سپییە
هەر لە دوای گەشانەوەم
دووكەڵێكیان هێناو بەزۆر كردیان بە هاوسەرم..٣٠

٣-یاخیبوونی لەخود:

ئەو جۆرە یاخیبوونەیە، كە مرۆڤ هەستەكانی بە بوون و ژیانی خۆی بێزارە، وەك خۆی دەڵێت خەریكە لە پێستی خۆی بێتەدەرەوە، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو بارودۆخە نالەبارەی كە دەسەڵات و گەندەڵكاران بەرهەمیانهێناوە، وەك دەڵێت:

لەناو بۆشاییدا
لەم رۆژمێرەی ئێستەدا
سەعات لەرۆژ
هەفتە لە مانگ
مانگیش لە ساڵ وەرەس بووە
من لە خۆدا، لەناو خۆمدا
رەنگم لەدەنگم بێزارەو
دەنگم لە بۆنم بێزارە
هەر لەم كۆڵانەی ئێمەدا
دەرگا لە چوارچێوەی خۆی و
شوشە لە پەنجەرەی خۆیەو
سیلەی كۆڵان لە كۆڵان و
كۆڵان لە دیوار بێزارە!
بیتاقەتیی لەتەكمایەو هەنگاوئەنێ
یان سێبەرمە یانە هاورێ..٣١

ئەگەرچی ئەم بێزاری و یاخیبوونەی شاعیر لە سات بەساتی ژیان و دەنگ و کات و.....تاد، دەرئەنجامە، بەڵام دواجار ئەم کاریگەری و کارابوونەی یاخیبوون پەیوەستە بە دەروونی شاعیرو تۆراندنی بەرامبەر بەتەواوی ئەو کارئەکتەرو سات و نەستانەی کە خودی شاعیر خۆیەتی رایگەیەنێت.

شاعیریش ئەم کورتکردن و درێژکردنەوەی کە خەم و نەهامەتییەکان رەنگدانەوەی راستەوخۆی دەروون و کاریگەری تەواوی هەڵەکانی ئەم زەمەنەیە لە نەستی شاعیردا.

**٤-یاخیبونی لە رۆح:**

ئەو جۆرە یاخیبوونەیە کە شاعیر بەتەواوی رۆحی لە نیشتمان و تەواوی پێکهاتەی دەتۆرێ و جارێکی تر ناتوانێت لەگەڵ ئەمانەدا یەکبگرێتەوە، هەرلەبەر ئەمەشە کەشاعیر لەم دیوانەیدا یاخیبوونەکەی تەنها دەروونی و ئایدۆلۆژی و...تاد نییە، بەڵکو لەمانەش خراپتر یاخیبوونی رۆحی شاعیرە، لەم سیستم و دەسەڵات و سیاسەتمەدارو ...تاد، کە نیشتمانیان پێکهێناوە، وەك دەڵێت:

لەناو مندا
بێزاری هێند چڕبۆتەوە
خۆم ئەبینم بێشەلانم
دەراڵێکی ناو "زماك"م و
تاڵێ هەتاو ناگاتە لام
.
.
ئەوەی هەموو رۆژێ لای من
کورت و کورترئەبێتەوە هەر ژیانە
ئەوەی بەردەوامیش درێژ ئەبێتەوە
سێبەری ژان و زیکاری خەمەکانە....٣٢

**٥-یاخیبوونی سیاسی:**

ئەو جۆرە یاخیبوونەیە، کە شاعیر لەو دەسەلاّتە یاخی دەبێت، کە دوای مێژوویێکی زۆری کارو خەبات دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە دیسانەوە ئەوەی بەرهەمهات، بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕوات، کە دەبێت بە گوێی بکەین و گوێڕایەڵی بین، وەك دەڵێت:

من ناوم"بولبول"ە
خەڵكی ئەم باخچەیەم
دەمێكە باخەوانێكی تورەمان لێ پەیدابووە
نەگوڵێ نە دارێ نە مەلێ
بێ ئاگابوون چۆن هاتوەو
كێ كردویێتی بە باخەوان
بێجگە لەخۆی
باخەوانی لەخۆبایی
ناهێڵێ بە دڵی خۆم بخوێنم
ئەڵێ فرینت شومەو گۆرانییەكی لاساری
ئەڵێ تۆ بەقەد ریقنەیەك رێزی نیشتمان ناگری
پێم ئەڵێ تۆ وەرەسكەری
بەیانیان زوو پێش با و پێش كازیوە
بەر لە نیشتمان خۆی، لەخەو هەڵئەسێ
بەجوكەجوك مێشكی ئەم درەختانەت بردووە
پێم ئەڵی ئەو دەنوكە دەنوكی خۆت نییە!
بۆیە بیزارم و ئەمەوێ ئەم
باخچەیە بەجێ بێڵم و لەداخاندا
سەری خۆم هەڵگرم...٣٣

كەواتە دەیەوێت بڵێت منیش كە خەڵكی ئەم نیشتمانەم و كارو خەباتی شاخ و شارم بۆ كردوە، بەڵام ناتوانم ئەوەی دەمەوێت بیڵێم و بینوسم، بەڵكو دەبێت لەگەڵ ئەو رەوتەی كە ئەو دیاریدەكات بڕۆم، بۆیە بەتەواوی لەو سیاسەتە یاخی دەبێت كە لە شاخ جۆرێك ئایدۆلۆژیاو بەرنامەی هەبووە، بەڵام ئێستا لە شار بەرنامەیەكی تر پەیڕەودەكات.

یان دەڵێت: من ناوم"مەترە"یە
مەترەی ئەرز پێوان
بێزارم..بێزار
ئەوە چەند ساڵە كۆمەڵە دەستێكی نیشتمان
ئەمكەنەوەو رامئەكێشن
جاری وا هەیە من چەند جار تەواو ئەبم
بەڵام ئەوان ئەرزەكانیان تەواو نابێ!
بێزارم..بێزار......٣٤

يان دەڵێت:من بەحاڵ هەر ئەوەندەم لە بیرە:
ڕۆژێك چوار ڕەنگی كوژراویان هێنایەوە
بۆ گەڕەكەكەمان.دوو تابووتی سەوزو دوو
تابووتی زەرد. دوو دایكیشم بینی نە سەوز
بوون و نە زەرد، هەردووكیان خوشكی یەك بوون و
ڕەنگە كوژراوەكانیش كوڕی هەردووكیان...٣٥

شاعیر بە ئاشكرا واقیعی سیاسی كە وایكردوە دەست بەسەر تەواوی كایەكانی ژیاندا بگرن، لەمەش خراپتر هەگیز لە دەستبەسەراگرتندا تێرنابن، لەم پێناوەشدا شەڕی براكوژیان كردوەو كوڕی خەڵكیان بە كوشت داوە، چونكە لە بنچینەدا ئەوانەی شەڕیانكرد، خزمی یەك بوون و ناكۆك نەبوون، بەڵكو ئەوە سیاسەتە ئەم ناكۆكییەی بەرهەمهێناوە، كەواتە شاعیر ئەو مێژووە خراپەی حكومەتی هەرێم دەناسێنێت، ئەوەش دەخاتەروو بەهۆیەوە خۆپیشاندان و ناڕەزایی بەرهەمدێت، چونكە بێزاریەو ناڕەزایەتییەكان گەیشتوونەتە ئەوپەڕی ئەستوری و كوردیش وتویەتی" هەمووشتێك لە باریكیدا دەپسێت، جگە لە زوڵم و زۆر" وەك دەڵێت:

بەڵام بێزاری ئەوسەری
وا لە كورەی توڕەبووندا
یاخود لەناو گڕكانێكدا
ئەو ساتەی دەتەقێتەوە
لێشاوەكەی شاری درۆ ڕائەماڵێ و
دەمامكی نیشتمانیش
لەسەرەوە هات بەرپێ
دائەماڵێ..٣٦

٦–یاخیبوون لە نەوەی كۆن:

ئەو جۆرە یاخیبوونەیە، كە تێیدا شاعیر بیروبۆچوونی نەوەی كۆن بەتەواوی دەخاتەلاوەو لێیان یاخی دەبێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەیان گرتوە، ئەم بۆچوونانە كۆنن و ناتوانن لە ئێستادا ڕۆڵیان هەبێت و پێویستە هەموان لێیان یاخی ببین، بۆئەوەی ئەم بۆچوونانە بمرن، وەك دەڵێت:
پاسارییەك بە باوكمی وت:

سەری من سەری تۆ نییە.. من فرینێکی جیاوازم
سەری من پڕ جریوەیەو سەری تۆ پڕ خۆڵەمێشە
تۆ سەرت داوەتە دەست (با)ی رابردووی
باپیرم و کونەبۆری ئەشکەتەکان
ئەوەندە کۆن و بەسەرچوون
هێندە رەش و هێند نسرمن
بۆنی گۆگردی مردن و بیرچوونەوەتان گرتوە. ٣٧
یان دەڵێت: من بڵێم چی؟!
ئەو ئەشکەوتانە ناناسم
کە هاورێی شەمشەمەکوێرەو باوکم بوون
حیکایەتی ئەو حیلانەیشم بیر نییە
کە ئەو ئەیانگێرێتەوە
چاوی من دوور رۆشتوە
ئەو باوکەی من لە ئێستادا
لە دۆلأبێکی تەختەی کۆن زیاتر نییە
کە بۆ هەر فرێدان باشە..٣٨

دەیەوێت بڵێت یاخیبوون لە کۆن، یاخیبوون نییە لە تەمەنە گەورەکان، بەڵکو یاخیبوونە لەو بۆچوون و ئایدیاو روانینانەی کە وەك تەختەیەکی کۆن ،جگە لە دیاریکردنی سەردەمەکەی خۆیان، هیچ سودێکیان نییە.

یان: هەتا ئەمرۆش هەموو جارێ باوکم لەگەڵ نیشتماندا
قرەقرێ ئەوەیانە ئەرز خرە یاخود تەختە!
هەر شەوێکیش کە نیشتمان باوێکی دا
باوکیشم رێك بەرامبەری باوێشك ئەدا!
هەردووکیشیان درەنگانێ
لەسەر چرپایەکی تەختەی جیرجیرەکەر
بەجووت خەویان لێ ئەکەوێ
بۆ سبەینێش چێشتەهەنگانێ... هەڵئەسن و
دیسانەوە ئەو خەوانە بۆ یەکتری ئەگێرنەوە
کە بە دوێنێوە دیویانن..٣٩

دیسانەوە شاعیر ئەو ململانێی نەوەی کۆن و نوێیە دەناسێنێت، کە بەشێکە لە ژیان و تا ئێستاش بەردەوام لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدا دەژین، کە لەرابردودا پێیگەورەبوون و خەونیان پێوە دیوە، ئێستەش هەر بەو خواستەوە دەژین، واتە دەیەوێت بڵێت ئیدی ئەم بۆچوونانە ناتوانن بڕوا بە لاوازترین کەسی ئەم سەردەمە بکەن، ئیدی بۆمان باس مەکەن.

٧-یاخیبوون لە دەسەڵات:

ئەو یاخیبوونەیە کە شاعیر بەتەواوی دژی دەسەڵات بە کۆی روانین و سیستمەکەیەوە یاخی دەبێت، چونکە نەیتوانیوە ئەو بەڵێن و داواکاری و خواستانە جێبەجێ بکات، کە بە خەڵکی دابوو، وەك دەڵێت:

من ناوم کیسەڵە
ئەوە چەند ساڵە لەم گوێ گۆمە
حەماڵی ئەکەم
ئا ئەو کونەیشماڵەکەمە
بەڵام دوێنێ چەند قاچێکی نیشتمانم لێ پەیدابوون
تورەو تڕۆ
بەنوکە شەق هەتا ئەوخوارە بردیانم
پێیان وتم: لەبەر بەرژەوەندی هوماو بازو
ئەو هەموو کەڵەکێویانە
ئەبێ بڕۆن، هەتا زووە
ئێرە چۆڵ کەن
چونکە هەڤاڵ هەڵۆزادە وا بەنیازە
لەدوای نەورۆز.. ئا ئەم ئاستە
لەسەرەوە هەتا ئەو سەر
بکات بە کێڵگەی نازداری
گوڵی خەشخاش...٤٠

شاعیر مەبەستییەتی بڵێت خەڵکی هیوای ئەوەی دەخواست، کە دەسەڵاتی کوردی هات، ئیدی هەمووممان دەبینە خاوەن خانو و ژینگەی ئارام ، بەڵام دواجار هەڵۆزادەی بەرپرس و دەسەڵاتدارەکان، دەبنەوە بە هەمان کارئەکتەرەکانی رابردو و هەژارەکان هەژارتر دەکەن، یاخود دەڵێت:

تۆ نیشتمان! هەمووی کۆمەڵە وەرزێکە
ناوت بە گوێم ئاشنا بووە
من تۆم تەنها لەناو بازاڕی ریکلام و
زمانی لووسی دروشم و
شاشەی تیڤیەکاندا دیوە
من تۆم تەنها لە ریٚ و بانی
ئەو حیکایەت و شیعرانەدا بینیوە
کە هەندیٚ جار باوکم لەگەڵ ریش و سمێڵێکی زبرا
ئەهێنایە ژێر لێفەوەو هەرەشەیان لیٚ ئەکردم و
مندالّیمیان وەکو کۆتریٚ ئەتۆقاند.. ٤١
یان: بەشایەتی ئەو هەموو دارستانانەو
بەدزی ئازادییەوە
بەدزی رەنگی سپییەوە
بەدزی دەرەختەکانەوە
ئێوە نازانن بەدزی خۆتانەوە
چەند شیعریان کوشتوە..٤٢

دەسەلاّت لەگەڵ ئەوەی ئالاّی ئازادی و یەکسانی و دیموکراسی بەرزکردوەتەوە، بەلاّم بەپێچەوانەوەو بەسیاسەت و لەژێر پەردەی یاسا زوڵم و دەست بەسەرداگرتن و ئازادیان کوشتوە.

یان: هۆ نیشتمان
لە ئێستەدا تۆ بەقەد بەرەیەکی کۆن و دڕاو
یان جامێکی قوپاو
قوتیلەیەك خۆشەویست نیت
نە جارێك و نەدوو نەسیٚ و نە بیست
دەستی ئێمەت کردوە بە زاخی درۆکانتا..٤٣

ئەم یاخیبوونەی لەدەسەلاّت، وای لە شێرکۆ کرد ئەو هێڵەی کە پێشتر بەئاراستەیەکی دیاریکراودا دەیبرد بیگۆڕێت، بەشێوازێك هەڵوێستێکی جیاوازتر لە رابردوی خۆی نواند، بەوەی شێرکۆ  لە راپەرینی حەفتەی شوباتدا بەرەی دەسەلاّتی بەردا و چووە بەرەی خۆپیشاندەرانەوە، هەرئەمەش وایکرد بچێتە بەردەرکی سەرا و لەگەڵ گەلدا هەڵوێست وەربگرێت، واتە شێرکۆ لەگەڵ گەلدا بوو نەك لەگەڵ گۆڕان یان ئۆپۆزسیۆن، مادام گەل لە دەسەلاّت ناڕازییە،

ئەوە شێرکۆش ناڕازییەو چووە بەرەیانەوە،و نەچووە بەرەی ئۆپۆزسیۆنەوە، بەلای شێرکۆوە ئۆپۆزسیۆنیش درێژکراوەی ئەم مێژووەن و بەدەر نین لەم یاخیبوونە، بۆیە تەنها لەگەڵ گەلدایە و لەپێناو ئەوانیشدا یاخیبووە. شێرکۆ لە ڕاپەڕینەکانی حەڤدەی شوبات ڕۆژانی دوایی، چووە بەردەرکی سەراو بە هۆنراوەی( ئاپوورەی توورە) بەشداری خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی سلێمانی کرد، لەگەڵ ئەوەی سەربە هیچ حزبێکی ئۆپۆزسیۆن نەبوو، بەڵام ئەم هەڵێستەی ئەو یاخیبوونەی شاعیر پیشاندەدات بەرامبەر ئەو شەپۆلە سیاسیەی کە لەو ڕۆژگارەدا هەبوو،ئەم کارەشی لەوەوەیە کە شێرکۆ  شیعر بۆ گەل دەڵێت و گەل نەبێ شێرکۆش نییە، ئەمەشی لەو ڕۆژەدا سەلماند، جگەلەمەش شاعیر بەشیعر خۆپیشاندانی خۆی وەك کەسێکی نزیك لەدەسەلاَت بۆ بەئاگاهینانەوەی دەسەلاَت دەربڕی، لەگەڵ ئەوە شاعیر هەرگیز لەسەر یەك هێڵی نامێنێتەوەو بەرزو نشێویی تێدایەو ئەمەش پەیوەستە بە هەڵوێستەکانیەوە، وەك دەڵێت:

لەناوتاندام
ئێوە کێڵگەی گولچەبەڕۆژەن و منیش
کانییەکم لە دڵتاندام
وەك هاواری پڕ لە پشکۆی
بەر"با"ی خەمتان لە دەنگتاندام
چون گوڵی ژاڵەی بۆین و ئەرخەوانی زامەکانی
حەڤدەی شوبات لەتەکتاندام
لەناوتاندام
وەك بولبولێ لەناو گەلاَو
لق و پۆپی باخچەیەکدا لەناوتاندام
وەك پەنجەیەك لەگەڵ دەست و مەچەکتاندام
ریزێ کە بێکەسی تیایەو حیلمی تیایە
ڕێزێ کە عەبلخالق مەعروف و
چریکەی  دیلانی تیایە
چاوەکانی دەسەلاَتی ولاَتەکەم
کوێراییان داهاتووە
ئەم دارستانی خەڵکە نابینن!
جۆگەی خوێنی سەرجادەو مانگی سوری
هەڵهاتوی سەر سلێمانییەکەم نابینن!
گوێچکەکانی دەسەلاَتی ولاَتەکەم
کەڕو لاڵن

تا راوەستن.. شیعری منیش
لەگەڵتاندا رائەوەستیٚ
وەختیٚ برۆن.. شیعری منیش
لەگەڵتاندا هەنگاو ئەنیٚ
ئەو وەختەی دەنگتان هەڵبڕی
شیعری منیش دەنگ هەڵئەبڕیٚ
ئێوە نەبن.. شیعریش چییە؟
ئێوە نەبن.. شێرکۆ چییە؟
لەناوتاندام... لەپێزتاندام..لەگەڵتاندام.....٤٤

**٨-یاخیبوون لە گەندەڵی:**

**ئەو جۆرە یاخیبوونەیە، کەشاعیر بە ئاشکرا گەندەڵی ئەم دەسەڵاتە رادەگەیەنێت، ئیدی گەندەڵی سیاسی، یان ئیداری و دارایی، یان.....تاد، لەگەڵ ئەمەشدا دژیان دەوەستێتەوە، بەمانایەکی تر لەئەنجامی ئەم گەندەڵییە، وایکرد شاعیر بەتەواوی لە ژیان و نیشتمان و سیاسەت و مێژوی خۆی و شۆڕشگێڕی یاخی بێت، وەك دەڵێت:**

من بەئاسانی نادزرێم
بەلاّم لێرە ئەگەر ئاگام لەخۆم نەبیٚ
ئەمدزن و ئەمفرێنن
ماسکەکەی من ئەبەستن و
ترازوەکەم هەڵئەگرن و
ئەچنەدەریٚ بۆ ناو خەڵك و
سلسار سلسار
ئەڵێن ئێمە نەك عەدالەت
خوایەکی تازەهاتووی ئەم ولاّتەین.. ٤٥
یان دەڵێت: ئەم دەست بەو دەستی نەزانی پەنجە دزرا!
ئەم قاچ بەو قاچی نەزانی رێگە دزرا!
ئەم چاو بەو چاوی نەزانی سەرنج دزرا!
ئەم باڵ بەو باڵی نەزانی فرین دزرا
سارومارە ..سارومارە
ئەم دیرۆکی دەسەلاّتی سەرزەمینەو
بۆنی دەمی درۆکانی ئەم رۆژگارە...٤٦

شاعیر زۆر بەجوانی و وردی ئەو سیاسەتەی کە بۆ بەگەندەڵی بوون دەیناسێنێت، ئەم دەسەڵاتە بەدرێژایی(١٩) ساڵ گرتویەتییە بەرو ئەمەش هۆکارە سەرەکییەکەیە، کە وای لە شاعیر کردوە، بەتەواوی پڕبێت لەم دەسەڵاتە.

یان: من جوانوویەکی بێکارم
خەڵکی کەرکوکم
کوڕی نەوت و گازم و کوڕی ئەو هەموو بۆری و چاڵانە
بەڵام ئەوەی بەرێکەوتیش نەیانبینم ئەو باوکانەن
لەبەرئەوەی بەردەوامیش ئەسووڕێمەوە
لەهەموو کوسێکی دی زیاتر نیشتمان ئەبینم.. ٤٧

دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت، لەگەڵ ئەوەی ئێمە وڵاتی نەوت و کشتوکاڵ و مەرزو....تاد، بەڵام گەنجەکانمان بێکارن، نموونەش شاری کەرکوکە کە لەسەر دەریای نەوتەو حاڵی لەشارێکی بەرەو بیابان چوون دەچێت.

یان: ئێوە نازانن ئێمەی داروبەرد ئەیزانین
بەدزییەوە نا
بەبەرچاوی خوا خۆیەوە
بەبەرچاوی ئازادییەوە
بەبەرچاوی کورسیەکانی پەرلەمانەوە
بەبەرچاوی منارەو کڵێسەوە
خوێنی چەند رەزو مەزرایان دزی
بەمردویی چەند بازن و موستیلەیان
لەدەست و پەنجەی عاشقان دەرهێنا...٤٨

بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی باسکردن لەو کارە نادروستانەی کە لەبەرامبەر گەل کردویانە، لەمەش خراپتر باسکردنە لەو دزیانەی کە لەپەنجەی مردوەکاندا دزیویانە، ئەمەش راستەوخۆ ئاماژەیە بۆ کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، کە شەهیدەکان دەڕوتێنرانەوە.

یان: ئەی نیشتمان
گریمان تۆ نیشتمانم نەبوویتایە!
لەمە زیاتر چیم لێ ئەهات؟!
رەنگە لە جادەیەکی بەغدادا
من تەنەکەی خۆڵ بوومایە!

تەنەكەی خۆڵی كوردستان یان عیراق بێ
هەر تەنەكەی
ئەی نیشتمانی تازە پیاكەوتووا!..٤٩

دەیەوێت بڵێت ئەگەر من كارگوزاربم، و لەهەر وڵاتێكدا بێت، هەرئەوەم كەهەم، كەواتە بوونی نیشتمان بۆمن چ مانایەكی هەیەو كاریگەری لەسەر گوزەران و دەرچوون لەم گوزەرانە چییە؟ كەواتە بوون و نەبوونی نیشتمان بۆ من هەمان شتە.

یاخود دەڵێت:
من گوێم لێیە
لێرە خاك نركەنركێتی و ئەناڵێنێ و
ئەوەندەیان لێدزیوە
لەمسەرەوە
هەتا ئەوسەری فیدراڵی
هەموو جەستەی كوناودەرە
ئەوەتەی هاتومەتە ئەم نیشتمانەوە
كەس نامناسێ و كەس نامبینێ
ئەوەی ناوی نەبێ منم
من لێرە تەنهام
هەموو شەوێ بە چرپاكەی خۆمەوە ئەمبەستنەوە
پلاستەرێكیش ئەدەن لە دەمم
ئەم نیشتمانە ئەوەندە رقی لە منە
هەر هەلێكی بۆ هەڵكەوێ سەرم ئەبرێ..٥٠

كەواتە بەراشكاوی باسی ئەو گەندەڵی و دزییانە دەكات، كە بەرپرسان لە كایە جیاوازەكاندا گرتوویانەتەبەر، چونكە تەواوی كارەكانی ئەم نیشتمانە كۆمپانیاكانی حزب بەڕێوەی دەبەن، و بەڕێوەبردنەكەش زۆر خراپ و پڕە لە گەندەڵی، بۆیە جەستەی نیشتمان كون كون بووە.

**٩-یاخیبوون له ئاین:**

بریتییه لەو یاخیبوونەی، کە بەتەواوی دژی ئەو پێوەرانەی کە ئاین، یان بەناوی ئاینەوە دەبنە ڕێگر لە هەندێك لە کایەکانی ژیاندا، ئەمەش بێزارێکی زۆی لای شاعیر دروستکردوە، بەئەندازەیەك لە ئاینیش یاخی دەبێت، چونکە ئاینیش نەیتوانیوە بوونیەتی بپارێزێت، وەك دەڵێت:

من مێینەم! من سەراپا هەموو
جەستەم لە گوناهو پرسیاری رووتی
حەرام پێکهاتوە!لەیەکەم رۆژی
بوونمەوە بەردی رەجم لە قوماتمەوە پێچراوەو
نیشتمان تفم لێ ئەکات..٥١
یان دەڵێت: من ناوم کۆترە شینکەیەو کچم
ماڵەکەم وا لەو گەڕەکی منارەیە
من گمەگمی حەرامی ناو ئاین و نیشتمانم
من بۆم نییە دوور لەم منارەیە بفڕم
من بۆم نییە دوور لە دەنگی منارەکە
گوێ لە دەنگێکی تربگرم!
باڵەکانم بۆیان نییە بە دوو پەنجەش
تەوقە لەگەڵ باڵە نێرەکاندا بکەن
من چارەنوسی حەرامم وەکو جەستەم..٥٢

ئەم یاخیبوونەی شاعیر لەوەوەیە کە روانینی ئاین بۆ ژن روانینێکی تایبەتەو ئەم روانینەش لای شێرکۆ بێزارکەرە، بۆیە بڕوابوون بەوەی هەموو پێکهاتەی ژن حەرامەو دەبێت لەم روانگەوە سەیری بکرێت، واتە ژن دەکاتە کائینێکی حەرام، بۆیە لەم روانگەوە لە ئاین یاخی دەبێت.

یان: بەڵام ئەوەی هەرگیز بیرم ناچێتەوە
ئەو ژنە بوو کە بەناوی خواو پێغەمبەرو
شەرەفەوە چەند بەردێکی دراوسێی منیان
لێبەست و هاویشتیانە گۆمێکەوە!..٥٣

**١٠-ياخيبوون لەسەرمایەداری:**

**بریتییە لەو یاخیبوونەی، کە تێیدا نیشتمان دەبێتە سەرمایەدارو تەواوی کارئەکتەرەکانی نیشتمان دەکاتەوە بە کۆیلەو کاربەدەستی خۆی و لەرێگەی ئەم بەکارهێنانەو سەرمایەوە دەیانچەوسێنێتەوە، بەمەش شێرکۆ دژی دەوەستێتەوە، وەك دەڵێت:**

**ئەو رۆژە نیشتمان بووبوو**
**بە خاوەنی ئەو کارگەیەی**
**کەمن دووکەڵکێشی عومری و**
**کە من تۆزی چیمەنتۆیم**
**هەموو رۆژێ**
**وەك برووسکە پەیدا ئەبێ**
**دەستی راستی لە گیرفانیداو**
**بۆینباخی هەتا خوار ناوك هاتووەو**
**بەسەرمانەوە ئەوەستێ**
**لێدانی دڵمان ئەژمێرێ**
**چاو ئەبڕێتە کرانەوەو نوشتانەوەی**
**پەنجەی دەستمان**
**پەیتا پەیتا بەناوماندا دێت و دەچێ**
**لە دەقیقەیەك ، چرکەیەك**
**لەیەك وچانی ئازارو**
**لە پشوویەکی هەناسەو**
**لەیەك دانیشتنی خەم و**
**لە بەگیروەستانی پشتێ و**
**لەسڕینی فرمێسکێکی کەس نابووری.٥٤**

**ئەم سیفەتانەی نیشتمان سیفەتی کارئەکتەرێکی سەرمایەدارو خوێنمژی کرێکارو هەژارانە، لەپێناو دەسکەوتەکانی خۆیدا ئامادەیە خوێنی کرێکارو فەرمانبەرانی بگرێت، بۆیە بەردەوام چاوی لەسەر جوڵەو کاریانەو بەپێی کارو هەوڵدانیان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، ئەمەش جگە لە مافخوران هیچی دی نییەو شێرکۆ دژی ئەم کەسایەتییە بەناو نیشتمانیی خوێنمژەی گەلە.**

## ئەنجام:

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:

ئەنجامە گشتییەکان:

١-یاخیبوون دیاردەیەکی مرۆیی سروشتییەو لەخواستەکانەوە سەرچاوەدەگرێت.

٢-یاخیبوون دیاردەیەکی کۆنەو لەگەڵ بوونی کۆمەڵ و کۆمەڵگەدا بوونی هەبووە.

٣-یاخیبوون هۆکاری گەیشتنە لە ژیان و جیهان.

٤-لەئەدەب و فەلسەفەدا، رابەرایەتی یاخیبوون دەبەخشرێتە کامۆ.

٥-یاخی بوون سروشتی ژیان خوڵقاندوویەتی کۆتاییی بە پاوانخوازی دێنێت .

ئەنجامە تایبەتییەکان:

٦-شێرکۆ بێکە یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بەوردی و سەرنجەوە مامەڵەی لەگەڵ دۆزی یاخبووندا کردوەو لەم دەرئەنجامەوە یاخیبوونی ناساندوە.

٧-شێرکۆ وەك وتەبێژی گەل، بووەتە ناسێنەری ئەم مێژووەو بەهۆی ئەمەشەوە یاخیبوونی خۆی راگەیاندوە.

٨- بەگشتی چەند جۆرێکی یاخیبوون لە شیعرەکانی شێرکۆدا هەیە، لەوانە( مێژوویی، کۆمەڵایەتی، دەروونی.....تاد، بەڵام یاخیبوون لە دەسەلأت لەهەموویان زیاتر بالأدەستە، چونکە ئەم جۆرەیان سەرچاوەی سەرهەڵدانی جۆرەکانی تری یاخیبوونە.

٩-یاخیبوونی( گەندەڵی و سیاسی) زیاتر لە شیعرەکانی شێرکۆدا دیارو ئاشکران و بوونەتە سەرچاوەی هێزی یاخیبوونەکە.

١٠-یاخیبوونەکەی شێرکۆ یاخیبوونی پۆزەتیڤن، بەو مانایەی شێرکۆ لەپێناو باش بووندا یاخیبووە، نەك رق لێبوونەو دژایەتیکردن.

## سەرچاوەکان:

**یەکەم: کوردیەکان:**

١-شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی چاپی دووەم، ٢٠١٢

٢-شێرکۆ بێکەس ، خێراکە ..مردن خەریکە بگات!،ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٣

**دووەم: عەرەبییەکان**

١- د.احمد عزت، اصول علم نفس، دار الكتاب العربي، القاهره،١٩٦٧

٢-ريشارد شاخت، ت: كامل يوسف حسين، الاغتراب، المؤسسه العربيه للدراسات و النشر، بيروت، گ١، ١٩٨٠

٣-ريشارد شاخت، ت: كامل يوسف حسين، الاغتراب، المؤسسه العربيه للدراسات و النشر، بيروت، گ١، ١٩٨٠

٤-د.زهير غازى زاهد، شعر ابن لنكك البصرى،كولونيا،المانيا،٢٠٠٥

٥-د.فواد زكريا، اليوره و التمرد عند البير كامى، مجله الفكر المعاص، العدد الپالپ، مايو ١٩٦٥

٦-قجگان فواد الخگيب، مصگلحات مختاره فى الادب و اللغه و الدراما، مگبعه الجمهوريه، الموصل، ١٩٦٧

٧-د.قيس نورى، الانپروبولوجيا النفسيه، بغداد،١٩٩٠

٨-محمد راچى جعفر، الغربه و الاغتراب فى الشعر العراقى المعاصر،جامعه بغداد:التربيه(ابن رشد)،١٩٩٥

٩-مورفان لوبيسك، البير كامى،حياته و ادبه و فلسفته من كتاباته ، ت: حسين نديم، دار النهڤه العربيه،١٩٨٥

١٠-زيغمونتبومان،البيركاموالشروعفيالتمرد،ترجمه/ الاتحاد،مجله،ترو‌پاوت

http://www.alitthad.com/paper.php?name=News&file=article&sid=130312

## پەراوێـــــــــــزەکان:

[١] - مورفان لوبيسك، البير كامى،حياته و ادبه و فلسفته من كتاباته ،ت: حسين نديم، دار النهظة العربية،١٩٨٥،ص١٢٥

٢- زيغمونتبومان،البيركامووالشروعفيالتمرد،ترجمة / الاتحاد،مجلة،تروثاوت http://www.alitthad.com/paper.php?name=News&file=article&sid=130312

٣-د. فواد زكريا، الثورة و التمرد عند البير كامى، مجلة الفكر المعاص، العدد الثالث، مايو ١٩٦٥،ص٥٣

٤- ريشارد شاخت، الاغتراب، ت:كامل يوسف حسين،المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ط١، ١٩٨٠، ص٤١

٥- محمد راضى جعفر، الغربة و الاغتراب فى الشعر العراقى المعاصر، جامعةبغداد:التربية(ابن رشد)،١٩٩٥ص١٧

٦- د. قيس نورى، الانثروبولوجيا النفسية، بغداد،١٩٩٠،ص٤٣٨

٧- ريشارد شاخت، الاغتراب، ص٢٨

٨- قحطان فواد الخطيب، مصطلحات مختارة فى الادب و اللغة و الدراما، مطبعة الجمهورية، الموصل، ١٩٦٧، ط١، ص٢٠

٩- د.زهير غازى زاهد، شعر ابن لنكك البصرى،كولونيا،المانيا،٢٠٠٥،ط١، ص٦

١٠-د. احمد عزت، اصول علم نفس، دار الكتاب العربى، القاهرة،١٩٦٧

١١-شێرکۆ بێکەس، ئێستا کضیێك نیشتمانمة،دةزطای ضاث و ثةخشی سةردةم،سلیَمانی ضاثی دووةم، ٢٠١٢،ل٦

١٢-هةمان سةرضاوة، ل٢٠٩

١٣-هةمان سةرضاوة ،ل٢٩٠

١٤-شێرکۆ بێکەس، ئێستا کضیێك نیشتمانمة، ل٢٩٢

١٥-هةمان سةرضاوة ، ل٣٢٨

١٦-هەمان سەرچاوە،ل٣٢٨

١٧-هةمان سةرضاوة ل٣٢٩

١٨- شێرکۆ بێکەس، ئێستا کضیێك نیشتمانمة، ل١٧٨

١٩- هةمان سةرضاوة،ل١٨٦

٢٠- هةمان سةرضاوة، ل٢٠١

٢١- هةمان سةرضاوة، ل٢٢٦

٢٢- شێرکۆ بێکەس، ئێستا کضیێك نیشتمانمة، ل٢٧٥

٢٣- هةمان سةرضاوة ،ل٢٧٨

٢٤- شێرکۆ بێکەس، ئێستا کضیێك نیشتمانمة، ل٢٦-٢٧

٢٥- شێرکۆ بێکەس، ئێستا کضیێك نیشتمانمة، ل٨٤-٨٥

٢٦-هةمان سةرضاوة ،ل٧

٢٧- شێرکۆ بێکەس، ئێستا کضیێك نیشتمانمة،ل٨

٢٨- هةمان سةرضاوة،ل٣٦

٢٩- هةمان سةرضاوة،ل٢٣

٣٠- هةمان سةرضاوة ،ل٦٧

٣١- شێرکۆ بێکەس، ئێستا کضیێك نیشتمانمة،ل٩-١٠

٣٢- شێرکۆ بێکەس، ئێستا کضیێك نیشتمانمة، ل١١-١٢

٣٣- هةمان سةرضاوة ، ل١٥-١٦

٣٤- شێرکۆ بێکەس، ئێستا کضیێك نیشتمانمة،ل١٩-٢٠

٣٥- هةمان سةرضاوة ، ل١٢٥
٣٦- هةمان سةرضاوة ، ل٢٥
٣٧- شيَركؤ بيَكةس، ئيَستا كضيَك نيشتمانمة، ل٨٧
٣٨- هةمان سةرضاوة ، ل٩٠
٣٩- شيَركؤ بيَكةس، ئيَستا كضيَك نيشتمانمة، ل٩١
٤٠- شيَركؤ بيَكةس، ئيَستا كضيَك نيشتمانمة، ل٢٩-٣٠
٤١- هةمان سةرضاوة ، ل٩٣
٤٢- هةمان سةرضاوة ،ل١٣٢-١٣٣
٤٣- هةمان سةرضاوة ، ل١٧٧
٤٤- شيَركؤ بيَكةس ، خيَراكة ..مردن خةريكة بطات!،ناوةندى غةزةلنووس، سليَمانى، ٢٠١٣، ل١١٥
٤٥- شيَركؤ بيَكةس، ئيَستا كضيَك نيشتمانمة، ل٣٢-٣٣
٤٦- شيَركؤ بيَكةس، ئيَستا كضيَك نيشتمانمة، ٢٠١٢،ل٣٣
٤٧- هةمان سةرضاوة ، ل٣٩
٤٨- هةمان سةرضاوة ، ل١٣٥
٤٩- شيَركؤ بيَكةس، ئيَستا كضيَك نيشتمانمة،ل١٤٠
٥٠-هةمان سةرضاوة ،ل٣١-٣٢
٥١- شيَركؤ بيَكةس، ئيَستا كضيَك نيشتمانمة، ل٣٧
٥٢- هةمان سةرضاوة، ل٧٣
٥٣- هةمان سةرضاوة، ل١٢٨
٥٤- شيَركؤ بيَكةس، ئيَستا كضيَك نيشتمانمة،ل٦١

## التمرد في شعر شيركو بيكةس
## ديوان( الآن فتاة هى وطني ) كامثلة

شيركو بيكةس هو احدشعراء الحداثة وهو في نفس الوقت رائد الشعر الكردي الحديث، كما اوجد اتجاها جديدا ومسار للشعر الكردي. وواحدة من خصائص هذا الطريقة في التمرد. ومع ذلك ، هذه التمرد ليس تمردا ذاتيا ، لكن يصبح متحدث لامة ومتمردا ضد السلطة لتسعة عشر عاما من الحكم الكردي. و اصبحت ديوانه، "الآن فتاة هى موطنى"،منبرا لتحديد هذا التاريخ.

الجزءالأول من هذه البحث يلقى الضوء على مفهوم وتحديد التمرد، مع عرض موجز لتاريخ هذ المفهوم ، وكذلك الأسباب الكامنة وراءتمرد الشاعر.

ويتناول الجزء الثاني مع أنواع التمرد في النص، وهي (التاريخية والنفسية والاجتماعية والروحية والسياسية) ومع ذلك يتم ادخال انواع التمرد بأمثلة شعرية و تفسيرات دقيقة.

## A Revolt in SherkoBekas's Poetry
## "Now A Girl is myhomeland" collection as an example

SherkoBekas is one of the modernist poets and he is at the same time the father of modernKurdish poetry as he finds a new direction and path for Kurdish poetry. One of the characteristics of this path is the revolt. However, this revolt is not his own, but he becomes a nation's speaker and stands against the nineteen years of Kurdish rule and he revolts. So his collection of poems, "Now a Girl My Country", becomes a tribune for identifying this history

The first part of this paper sheds light on the concept and identification of revolt, a brief history of the concept is introduced, and also the reasons behind the revolt of the poet

The second part deals with the types of revolt in the text, namely historical, psychological, societal, spiritual, political, etc. The types are introduced with poetic examples and meticulous explanations